لاوکی هەبجە مەنیفێستی مەوجوودیەت و ئازار* … عەلی مستەفا*

لاوکی هەبجە، شیعرێکە لە کۆی چلویەك لاپەڕەدایە، لە ساڵی 1989نووسراوە. هەڵگری پەیامێکی زۆر و واقیعی ئازارێکی قووڵە. ئەم شیعرە ئێرکێسترای ماتەمینی گەلێکی ستەمدیتە و گوناهێکی گەورەی بوونە. شمشاڵی لاوکی نووستووی موئەبەدە بە ژیان. چاندنی سۆزکە تا ئەبەد لایەکی سووتاوە. ئەم شیعرە بە زمانێکی شیعری پڕ لە بەرائەتی چنراوە. پریەتی لە خەیاڵی ئەو دیمەنە هەنگاوەنگانەی بە نیگا، خەیاڵی شاعیر و واقیعدا لەنگەر دەگرن و ناڵێن. هەبەتە ئەم شیعرە شوناسی گەلێکە لە هەنگی هەبجەییەکاندا، ناسنامەی نیشتمانێکی ماندوو و شەکەتە لە زامی ساڵێژ نەبوون و برینە گەورەکەی خاکی هەبجەدا. لاوکی هەبجە، سترانی بێدەنگییە، کە بە گوێی تاواندا چرپێندراوە.

تەنکتر لە گریان و یادەوەریی:
شاعیر لە بنی سۆزی ئادەکات، نەبادا مەرگی منداڵێکی هەبجە، یاخود مەرگی منداڵێکی کورد لە هەرشوێنێکی دنیادا بێت، بە ناوی سیاسەتی بازرگانییەوە خرابێتە وەزن و کێشانی سۆوەکەوە. لەم شیعرەدا گریانی شاعیر لە تێکردنەوەی ئەو ئازار و ئێشانە دەردەکەوێت، کە بنی مەرگ و هەرزانبازاڕیی مرۆڤایەتی بەسەر گیانی کەمەگەی کوردییدا هاوتەریب لەگەڵ کوردەواریەکەیدا دەسەپێنرێت و چەنووکی بێبەزەییانەی بازرگانی کیمیا، بمبا و تەقەمەنیەکان لە نێوان سیاسەتی ئێژاوا، ئولفەتی ترسەنۆکانە و ئیدیۆژیای کۆپی لە ئێژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەبنە هەڵگری شوناسێکی تاریك و مەترسیدار بەسەر گیانی پەپوولە ئاساکانی هەبجە و تەواوی ناوچەکانی تری کوردستاندا.
ئەمە چەند رووتین لە بەردەم تۆفانی گازی ژەهراوی و
بۆمبۆشتیی ئەم چەرخەدا!
ئەمە چەند تەنیاین لەپرسەی
ئەم شارچکە شەهیدەدا. …. ل 573
هەموو ئەو هەستانەی بۆ مرۆڤبوون کەمەگە لە لووتکە دەهێڵێتەوە، لە چەند ساتێکی تێکەوڵکەی بازرگانی بە مرۆڤایەتی، میلەکەی ئادەگیرێت، نەبادا هەستەکان عاتیفەی ئینسانیانەیان بجووڵێنن و

تەوژمی بازرگانییان بە مرۆڤ بوەستێت. کیمیاییکردن، کۆکوشتنی هەڵەبجەییەکان و ناوچەکانی تر، نیشانەی مەوجوودیەتە لە واقیعدا. جێبەجێکردنی تاوانەکەش بردنەسەری مامەڵەی سیاسەتی بازرگانی مرۆڤە لە مێزی تاریك و هەرزانویژدانی خاوەن کۆمپانیا و دەسەڵاتەکاندا.
ڕەفیق سابیر، لە سێبەری ئەو گەمە زمانیانەدا، سەرگەرمی پێشکەشکردن و ڕاستکردنەوەی ئەو بەها ئینسانی و هەوشتییەیە، کە واقیعێکی دڕووشم ئامێز لە میانی تاریکبینیانەوە گومانی بوونی خستە سەر کەمەگە. بۆیە لە دەقەکەدا زمانی شیعریی لە لووتکەیەکدا دەبینین، کە جواناسینی دوو دیمەن و دیوی واقیعی ستەمکار و ستەم لێکراو، بەستنەوەی بە مۆژوویەکی باو، کە عەقڵیەتی چەپاك بە ستەمکردن و ڕاهاتن بە ستەملێکردن بەردەوامی پێداین. شاعیر لە سێنگەی چێنیەتی نووسین و هێنینەوەی دەقەکەدا، بەرەو سەرسامیت دەبات (ئەگەر لەهەر کەسێکدا هەوڵێك هەبێت بۆ ئاشکراکردنی نادیارێك و ئاشنا بوون بە جیهانێکی دیکە لەودیو ئەم جیهانە بینراو و هەست پێکراوەوە، ئەوا شاعیر بەهۆی خەیاڵی داهێنەرانەوە، نادیارێك بە ئەمە دەناسێنێت و نهێنییەکمان بۆ ئاشکرا دەکات)1 هەبەتە شاعیر جیهانی بوونی مرۆڤی لە ئایەتێکی هەڵەبجەییەکاندا پێشاندەین و لەنگەری ڕوانین و تەماشای ئینسانیەتی گشتی خستووەتە سەر شارچکەیەکی بچووك و زامدار، وەك بۆی هەبجە ئاوێنەیەکی گەورەیە، جیهان تێیدا بچووك بووەتەوە، ئەمە حەقیقەتی بوونە بە مرۆڤ و بە سەرلێشێواوکردنی. پەراوێزخستنی بوونە لە ئاکار و سروشتی بوون بە ئینسانیەت و ژینگەکەی. هەبەتە شاعیر لە تەقەڵای زمانە شیعرییەکەیەوە هەوڵی ناساندنی شار و مۆژووی هەڵەبجەییەکانی داوە. ئەمە کاریگەری ئەو نهێنییە ساڕێژ نەبووەیە، کە سیاسەتێکی تەخ بە سیمای خراپەوشتی ڕێژگار، بەسەر چۆن و چنووسی لە دەقدا بۆی بەجێماوە.
ئەم شیعرە نووسینەوەی ئەو بەها هەچووەیە، کە لە نێوان خەیاڵ و بەشی سێیەمی بیرەوەریەکانی ئینساندا دەکەونە خۆی، دەق و گوتاری ئەدەیبی، یاخود تێمارکردنی ئەو هەستە گوناهانەن تا ئێستاش دەقی ئەدەیبی بۆی نەچووەتە خەوەتەوە. کەواتە واقیع چەند ڕەش، یاخود جریوەکەی چەند بەسز بێت، دەبێت حەقیقەتی دەقی ئەدەبی لە خەیاڵەوە دەستپێبکات و زمانیش باڵای شیعر ڕێکبخات. (لە ئەزموونەوە زمانێکی فەردانی دروست دەکات لەوێشەوە بەرەو خەیاڵ و پێشبینیکردن دەچێ، وەك چۆن لە ڕێگەی ترس و دڵەاوکێی دەروونییەوە مامەڵە لە تەك گومان و بەهودەییە شیعرئامێزەکەدا دەکات بە جریوەو جوانی دەسپێرێت)2 لەگەڵ نووسەر هاوڕاین لە بوونی زمان و خەیاڵ لە دەقدا، ئەوەی عەبدولموتەلیب عەبدوڵا باسی دەکات، ئەو سەرەتا

دروستبوونەیە، کە تاك دەبێتە خاوەن بیرێکی سەربەست. لەو سەنگەیەوە هەمای زمانی فەردانیی، گەشەی خەیاڵی ئینسانیی و وێژەیی، دەئاخنرێتە ناو دەقەوە. هەبەتە دەق بە جاویدی دەمێنێتەوە، ئەگەر سانسەر نەخرێتە سەر خەیاڵ و دروشمی واقیع، یان بیر، وەك سەرچاوەی کاریگەر بۆ نووسینەوەی دەق لاواز نەکرێتەوە. (من بە ڕاوچی دەچم و بە هەست و نەست دەرك بە شتەکان دەکەم، نەك بە ئەقڵم. ئەقڵ هەنگاوێك بچێتە پێش شیعر دوو هەنگاو دێتە دواوە. شیعر و سزداری جمکێکن پێکەوە دەژین و پێکەوە دەمرن و ئەقڵیش بە دزیەوە خۆی لێ مات داون)3 لە ئان و ساتی نووسینەوەی دەقی شیعرییدا نابێت لە ژێر هەژموونی پارزبەندیدا بمێنینەوە، ئەگەرنا ناگەینە ئەو دەقەی، کە دەمانەوێت گوزارشت بکات لە واقیع و ئەو کاریگەرییەی بە سەر هەست و نەستمانەوە دروست بووە. ڕەفیق سابیر، بەم ئەزموونە شیعریەدا، لە ماڵی ووداو و خەیاڵدا ڕەشماڵی نووسین و هێنینەوە هەدەدات و دەقێك لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا هەشتان بانی سەوی هەبجەمان بەسەردا دەپژنێت و هەمیشە زیندووە.

هەبجە هەرەسی هەقە
چنگێك خۆڵە خوێن دەیدڕێت.
داستانێکە بەیان لە زام دایدەتاشێت
لەسەر تەم و
دارستان و
خۆڵەمێش دەینووسێتەوە.
ڕووبار بەدەم گریانەوە
بێ گیا
دەریا
بێ کەنار و
تریفەی دەگێڕێتەوە. ... ل 559

شاعیر لە شینی هەبجەدا بە ستایلی ئەدەبیی لە بازنەی شیعردا هەنگاوی لە تەك لێژیك چێ کردووەتەوە. شاعیر پێمان دەڵێت: هەبجە یادەوەرییەکە بۆمان جێماوە لە زمنی ئەو دەسەاتە سیاسی و کۆمەکخوازییەی ساڵانێکە بێ کوشتنی تریفە و ووناکیی، بۆندی بێ کراوە. شاعیر لە هەر وێنەیەکی شیعرەکەدا وەزیفەکانی بێ گیانەوەی یادەوەریی بە گرووپ، لە چوارچێوەی ئەرك و نزیکایەتیدا دیاری دەکات، وەك ووبار بێ گیا، دەریا و کەنار، تریفەی مانگ لەشەوانی دەرکەوتنەوەی ئاودا دەگێڕێتەوە. کەواتە هەبجە جگە لە گیانەوە و یادەوەری ئازارێکی مێژوویی، هیچی تر نییە. (کولتووری سیاسی و ڕشنبیری ئێمە، بە گشتی بۆبایەخ بەسەر شتە بچوکەکاندا دەروات،

ئەم دەردە تەنیا دەردی ڕۆشنبیری کوردی نییە، بەڵکو بەرهەمی باڵادەستی عەقڵی میتافیزیکییە، خودی عەقلی میتافیزیکی کولتووری کەسەر ئەوە کڵکدەکات تەنیا بیر لە مەزن و موتەعالی و موفاریق بکەنەوە)4 هەڵەبجە لە کولتووری کۆمەڵگەی کوردیدا بووە یادەوەرییەکی مۆژوویی و ئازارێکی هەستپێنەکراو لە عەقڵیەتی مرۆڤایەتی و سیاسەتی بڕژوازیدا. چونکە ئامانج لە هەڵەبجە، تەنیا کوشتنی مرۆڤ نەبوو بە تەنیا، بەڵکو بەرزکردنەوەی ئەو مارشە هەترەشییە بوو، بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردیی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردیی، کە جیهان تێیدا کۆ کەوت. کەواتە مرۆڤایەتی درێیەکی گەورەیە کاتێك لە شوێنی خۆی لەنگەر نەگرێت.

بوون یان تۆزێکی گوماناویی:
ڕەفیق سابیر، وەك شاعیرێك شوناسی هۆنگێکی کاڵە بەسەر جەستەی حەقیقەت و بۆچوونە لەو ئازارەی لەوەتەی هەیە، گوناهی بۆ دەکات و خۆی بە باڵای شەرەفی بوون و گەانەوەی ڕاستەقینە هەڵدەگرێت. شاعیر لە تێکستی لاوکی هەڵەبجەدا، گریانێکی بە کوڵە لە حەسرەت ئەو ژاکانە بۆبنەمایانەی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیاری بوون و نەبوونەوە، ئەمەیان کاردانەوەی ئەو کوشتنەیە، مرۆڤێك دەبێتە بازرگان و هەژارێك دەکاتە کۆیلە، سیاسییەکی درۆزن دروست دەبێت و میللەتەکەی یان لە برسان دەمرێنێت، یانیش لە کۆکوژییدا دەبێتە هەڵگری شوناسێکی مەترسیدار.

نهێنیەکان دەپشکنم
تا لە نێوان هەقیقەت و چاوانتدا
سنوورێك بۆ ئەم گومانە بدۆزمەوە
تا ئاڵاکەم لەسەر کەلاوەکان هەڵکەم
گەردی سەدەکان لەسەر ڕۆح
شوێنەواری داگیرکەران لەسەر کانی و
زەردەخەنەو
باران و گیا
لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەم بسرمەوە.
نهێنیەکان دەپشکنم
تا داستانی ئەم داستانە
یان تاوانی ئەم تاوانە
بۆ نەوەکەم بنووسمەوە. ….ل 572

هەبەتە شاعیر، لە گەڵ ئەم هەموو نائومێدی و دڵە زامدارەی، هۆشتان دەیەوێت ئەم تەلبەندانە ببێت و بگەڕێتەوە ئەو سنوورەی ژیان، کە بۆنی سۆکی نووستووی لێدێت. لەم دەقەدا پەیامی

هەواڵێکی ناسەری هەڵگرتووە و بۆ هەموو نەوە و ڕەگەکانی، وەک نەریتێکی گوناە و یاسایەکی چێسێ دەگێڕتەوە، پەیمان دەبەستێت: مێژوویەک پێیەتی لە کوشتنی پەپوولە و کوژاندنەوەی ڕووناکی، پێە لە سەرهەڵدێژکردنی تاوان، دیمەنەکانی ئەم مێژووە، هەڵواسینی جەستەی ژنە لە تاریکی و سووتاندنی بۆشکەیە لە بۆنی سۆدا.
ئەم دەقە دەرگەی چوونە ژوورەوەی تاك و نەوەکانی داهاتووی کەمەڵگەی کوردییە، بۆ ئەوەی ئەم مێژووە لە شکڵی گونیەیەك دابکوترێت و هەموو سیماکان لە دیتی خۆیان هەاوێر بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن داهاتوو لە بیرکردنەوە و چەمکی مرۆڤانەی خۆیان بۆیار بدەن، شاعیر پێی وایە حەقیقەت زۆر جار قەڵەواژوو دەبێتەوە لە چنگ ئەو فشارە ڕەجیمکراوانەدا، کە دەبێت تاك لە چوارچێوەی دەرنەچێت، ئەوەش بەڵای هەموومانەوە کەمەککردنە بە کوشتن و کوژاندنەوەی هەموو ئەو دەقانەی بۆ ئازادی بۆیار، لە دایك دەبن. شێل شیستف فەیلەسووفی ڕووسی دەڵێت: (ماسی لە قوڵاییدا دەگەڵێت، مرۆڤ لە کوێ ژیان باشتر و خۆشتر بێت، بەڵام هەندێك جار مرۆڤ دەگەڵێت لە کوێ قوڵترە، هەرچەندە بە ڕووی دەبینێت لەوێ نەك باشتر نییە بەڵکو ئەجگار خراپە)5 مرۆڤبوون لە سروشتی عاتیفەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی ساخڵەم و تۆتالیتارییەکی بەردەوام، لەم دۆخەدا بەرەنگاریی ناماقولییە و فیکر تێیدا پووك بووەتەوە. بەڵام لە سیاقی بۆیار و جەبرییەتی دەسەڵاتدا بۆ ئومێد و نائومێدیی، بۆ مانەوە و تەقینەوە، هێز لاسەنگ دەبێت، چونکە خەسڵەتی مرۆڤ سەربەستییە، ئەمەش ئەوی بوون، وەك شڕشگێڕێك لە دەروونیدا ڕەجیمی لە بازنەیەکی داخراودا قەبووڵ نییە.

لاڵانەوەی مرۆڤێك لە دۆنەواییدا:
شاعیر لە کۆستی شارێك و مەخلوقەکانی شار، تاری تاڵ لە ناو وشەکانیدا دەژەنێت، هاوپێوان دەکات لە شینی ئاوابوونی تیشك لە کەلی بۆندی شنرۆ و گوومبوونی ئاسۆی یار و یاوەرانی. هەبەتە ئەم دەقە جگە لەوەی پەیامێکی گەیاندن و ئاگادارییە بۆ نەوەکانی داهاتوومان، بۆ تۆماری مێژوویەکی پڕ لە تاوان، نووسینەوەی جەستەیەکی بریندار و خەمدار، ئەوا دەقێکە پێیەتی لە ئێستاتیکا، نووسینەوەی هاوشێوەی پەپوولە و بەرائەتەکەی. چەند جوانە گوێ نەژاکێت، چەند گەورەیە خۆ بە خەردەل نەشڵدرێت، چەند ئازیزە زارێی چاوگەش بخەوێت و بۆنی سۆو نەیکوژێت. شاعیر لە ئاکامی ڕووداوانی ئەم هەموو تاوانانەدا مێژوویەك لە دەقدا دەخاتە بازنەی تاوان و لێپرسینەوە.
بنوو کەرپە شیرینەکەم!

چیتر دەنگی دەستێژ و فێکە نایەت
بنوو ڕەحە شەکەتەکەم!
بۆنی گاز و خوێن و جانەوەران نایەت. ... ل 574
شاعیر لە کەرنەڤاڵی مەرگدا بە گیان و جەستەیەکی ماندوو، تاڵای نائومێدی دەگرێتە ئەو ئارامگەیانەی کرێپەکانی کورد لە هەڵەجە بۆ ئەبەد خەوتن و بینایییان لە دیدار کەوتوون. ئەوە ئەو جوانتووسین و لاڵانەوە عیرفانی و ئینسانیانەیە شاعیر لە تەناسوخکردنی کردەیی هەموو مرۆڤکی ووحیی و بە ویژداندا دەیچێنێت و لە گۆشەی دەقکی پێ تاسەدا شیوەنمان لەگەڵ دەگێڕێت.
ئیتر ئەو هێڵە تەریبانە ڕاست نابنەوە. ئارامگەکان پێن لەو گوناهانەی بۆنی بەهەشتیان لێدێت. دواجار جەلاد پێویستی بە کوشتن و تەقاندنی فیشەکی شێت نەما. بۆنی گاز، خوێن و جانەوەریش کاری خۆیان کرد. مێژووش لە ئامێزی شەرمنترین سەکەدا چاوی خستووەتە سەر لیباسی یوسفەوە. دوای هەر مردنێك توخمی کوشتن ئاشنایەتیمان ناکات.

بەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتنی ترادسیۆنی کوشتنە لە شکلی مرۆڤکی جەلاد، یاخود شاعیر لە گومانەوە کەرنەڤاڵی ئەوەی بۆ کێشاوین، کە ئیدیۆلۆژیا لە هەر جەمسەر، پێگەیەك و ئاستێکدا بێت، تێنووە بە کوشتنی مرۆڤ، کاتێك مرۆڤ نەبێت بە کۆیلە و عابید. لە شاعیر وایە هەر جارە کوشتنێك و کێکوژییەك، ئاماژەیە بە مەوجوودیەتی بەرانبەر، جا بەرانبەر لە هێزدا بێت، یان لە بەهێزدا بێت. شاعیر لە دەرکەوتەی ناهاوسەنگی ژیان، گەشەی زوڵم و تاواندا لە بازنەی باو دەردەچێت و هەموو بیر و باوەڕێك بە هیچ دەزانێت، ئەگەر لە خزمەتی تەواوی مرۆڤدا نەبێت بە هاوسەنگی یاسایی، کۆمەڵایەتیی و سروشتیی.

*ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژمارە 2ی هاوینی 2017ی گۆڤاری (کەڵەن) بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوەکان:

1- میراودەلی، عومەر، زمانی دەق، هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری، 2008، ل. 33.
2- عەبدوڵا، عەبدولموتەلیب، زمان، بوون، شیعر، هەولێر: چاپخانەی موکریانی، 2010، ل. 55.
3- ماغوت، محەمەد، من ترس ڕۆحی سمیوم، و: شوان ئەحمەد، چ2، سلێمانی: ئەندێشە، 2016، ل. 59.
4- عەلی، بەختیار، لەودیو کورسیەکانەوە چی دەبینیت، ڕوانینیك لە

ماناکانی کورسی، گۆڤاری هەنار، ژ (29)، سلێمانی، 2008، ل. 19.
5- عەلی، ئومێد حەمە، مرۆڤ لە نێوان هیچ و ناکۆتادا حەقیقەتی بوونی مرۆیی لە ئاسۆی فەلسەفەی بلۆز پاسکاڵ دا، گۆڤاری هەنار، 2012، ژ (79)، ل. 60.
6- سابیر، رەفیق (دیوان)، چ1، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس، 2014.

***عەلی مستەفا:**

لە ساڵی (1979) لە گوندی ئاڵماوانی سەروو لەدایکبووە. دەرچووی کۆلێژی زمان- بەشی زمانی کوردیی زانستگەی سەڵاحەدینە.
ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە. فەرمانبەرە لە کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە.
توێژینەوەو وتاری ئەدەبیی، پەروەردەیی، ژینگەیی، فیکریی و سیاسیی لە زۆر بڵاوکراوەکانی کوردستان بڵاوکردووەتەوە. چەند پۆژێکی نووسینی لەکۆینەوە و شیکاری ئەدەبیی لەژێر دەستدایە.

عەلی مستەفا*
کۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە/ 2017

گۆگرتن لە بەدەنگی … کامەران چروستانی

بە چاوکی غەمناکەوە دایکێکە تەماشایکی کۆکەی خۆی کرد، کۆکەش نیگایەکی کرد و هیچ قسەیکی نەکرد. دایکێکە بە بە دەنگ چەند فرمێسکێکی ڕژاند هەرچەندە ئێویست غەمناکیی سەر دەموچاوی بشارێتەوە. کۆکەکە پرسی: دایە گیان بۆچی خەت غەمناک ئەکەیت، بۆ بکە هەورم و خەم لەو باسە ناخەم و ئەوتا بە خەم بەدەنگ دانیشتووم. دایک لە وەڵامدا وتی: کوڕم، ئەگەر هیچ شتێک نەتوانم، ئەوا ئەتوانم بەدەنگیی کوڕکەم بخوێنمەوە.
ئایا مرۆڤ دەتوانێت بەدەنگی بخوێنێتەوە؟ ئایا دەتوانرێت گوێ لە بەدەنگی بگرین؟
ئەمە وتەی ئافرێتکم بیر دەهێنێتەوە، کە دەیوت لە ئاخ و هاواری منداڵ، مرۆڤووی هەموو ئازارکانی من و ئافرەتانی جیهان

نووسراوەتەوە. بە هەمان شێوەش گەلێک جار بەدەنگی پەیامی خۆی نەتوانراوە دەکات کە لەوانەیە بە دڕبەندێکی ئاسایی نەتوانرێت بگەیەنرێت، کاتێک لەناو ئەو بەدەنگیەدا کەمێک هەست و بیرکەو دڕبەینی دەموچاو کەدەبنەوە.

دووبارە هەمان پرسیار: ئایا دەتوانین گوێ لە بەدەنگی بگرین؟
چەند ناوازەیە کاتێک مرۆڤ گوێ لە بەدەنگیی خۆی دەگرێت، چاوکانی بەئارامی لێک بنێت، گەشتێک بە بەدەنگیەکەی ناو ناخ و هەست و سۆز و هزری خۆی دەکات، گوێ لە دەنگە نەبیستراوەکانی تان و پۆی ناو ناخی بگرێت، جارێک بە دەشت و چیا و دەرەکانی هەست و سۆزیدا بێت و بڕوات، جارێکی دیکەش بەناو هووبڕەووبوونەوەی بیرکەو و بەچوونەکانی هەزردا بچێتەوە، ئاوەڕێک لە ئابردوو بداتەوە و نیگایەکیش بخاتە سەر ئایندەی. لەناو ئەم گەشتانەدا هەمیشە بوار دەگوزەرێت بە ئەوەی بتوانرێت پارچە موزیکێکی جوانی ژیان بەدی بکەین یان دابەڕژین. خۆ ئەگەر بەسەر پاشماوەی شارێکی هووخاوی ناو ناخیشماندا تێپەڕین، ئەوا بەلایەنی کەمەوە ئەبێت بە ئەزموونێک و گەلێک جاریش پاڵنەرێک بە ئەوەی لە بەردەکانی ئەو شارە هووخاوەدا، خانەچکەیەکی نوێ، گەڕەکێکی نوێ و شارێکی نوێ یان بەلایەنی کەمەوە باخچەیەکی هەنگاوەنگی لە بنیات بنێنەوە.
گوێگرتن لە بەدەنگی جیهانێکی نەردین و تایبەتە، تەنیا ئەو کەسەر چۆڕ و سوودی لە وەردەگرێت، کە دەتوانێت بەرجەستەی بکات، کە بچێتە ناو ئەو جیهانە بەدەنگەوە، نەک تەنیا جیهانە بەدەنگەکەی ناخی خۆی، بەکوو
لەناو ئەم جیهانە جەنجاڵەی سەردەمدا گوێگرتن لە بەدەنگیی کەسێک، چوونەناو پەیام و گفتوگۆی پشت زەردەخەنەیەک، گەشنیگایەکی چاوکان، لێوێکی خەمبار، ناوچەوانێکی گرژ گەلێک جار دەتباتە ناو ئەو جیهانەی کە لەوانەیە بە وشە و دڕبەینێکی ئاسایی نەتوانرێت بەرجەستە بکرێت. جیهانی بەدەنگی و هەماکان جیهانێکی پڕ وشە و دڕبەینە، پڕ هەست و سۆزە، ئەو جیهانەیە کە دەتوانێت ناخی دوو مرۆڤ تێکەڵ بە یەکتر بگات و بچنە ناو قوڵایی ڕوحی یەکترەوە، ئەگەرچی لە یەکتر دوورپش بن.
دەڵێن: ئەگەر بەردەوام بیرت لە کەسێک کردەوە، ئەوا بگومان بەر لەوەی کە ئەو کەسەش بە هەمان شێوە بەبەردەوامی خەیاڵی لەلای تۆیە. ئەمە ئەو جیهانە بچووکە بەدەنگیەیە کە دوو هەست، دوو ڕوح، دوو هزر و دوو کەسایەتی پێکەوە دەبەستێتەوە.
ئایا ئێستا دەتوانین گوێ لە بەدەنگیی ناخی خەمان و کەسانی دیکەش بگرین؟

گەمەی ئاگر... یوسف مەنتک ئەحمەد



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ....

هێزی میللی کوردی، جەنگی سوریا، ئەمریکا و ڕوسیا ... ئاشتی ئیبراهیم ئەفەندی

لە میدیا جیهانیەکان و ناوچەییەکان، جەنگی سوریا لە ژێر ناونیشانی "جەنگی مەدەنی"، پێناسە و ناسنراوە، بە کۆمەڵگەی نێو نێتەوەیی. پێویستە ئەو ڕاستیە بوترێت، کە ئەو ناونیشانە نیوەی ڕاستە، نیوەکەی دی باسی لەوە نەکراوە کە، جەنگی سوریا " جەنگی مەدەنی و جەنگی جیهانی سێیەم"، کە لە سەرەتای ئەو سەدەیە، بە شێوەیەکی جیاوازتر، لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمی سەدەی ڕابردوو، پەیوەندکرێت، لەلایەن زلهێزەکانی ناوچەکە، دنیا و ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووی ئابووری پێگەی بەهێزیان هەیە لە بازاری دنیادا.

ناساندنی جەنگی سوریا، بە "جەنگی مەدەنی"، لە نێو کۆمەڵگەی نێو نێتەوەیی، لە لایەن میدیای زلهێزەکانی دنیا، بە مەبەستەوە کراوە. زلهێزەکانی دنیا دەیانەوێت، خەیان بدزنەوە لە لێپرسراوەتی ئەو تاوانە گەورەیەی کە ٧ ساڵە، ئەنجام دەدرێت دژ بە مرۆڤایەتی، کە لە ئەنجامیدا، چوار سەد هەزار سووری کوژراون، پێنج میلیۆن

پەنابەرن، شەش میلیۆن دەربەدەر و بێ جێگە و ماڵن. ئەگەر سەرنج بدەین، لە هیچ میدیایەکی جیهاندا، لە ژێر مانشێتی "جەنگی جیهانی سێیەم" دا هەواڵەکانی سوریا هەوماڵە ناکرێن.
"جەنگی مەدەنی"، لە واقیعی دنیای ئێژەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، کە لە ئەنجامی ناتەبایی و کێشە و نەگونجانی گەلانی ناوچەکە لەگەڵ یەکتری وەکو، ناتەبایی، نەوان کەمە نەتەوەکان. بەوپێی گروپی ئیسلامیی هەڵگری مەزهەبی جیاوازی وەک شیعە، سوننە، سەلەفی و سۆفی و دەیانی دی. بەوپێی بیروباوەڕی چەپ و عیلمانی، کێشەی سەرەک و دەسەڵاتی دیکتاتۆر و گەندەڵی و پیسخوری کە گۆشەی زیاتری کردەوە. دەستدرێژە ناڕەوای زلهێزە ناوچەیکانی وەک ئێران و تورکیا بۆ وڵاتانی دراوسێی وەک سوریا، عیراق، لبنان.

ناکۆکی نێوان زلهێزەکانی دنیا بۆ بەرژەوەندیی و دەستکەوتی ماددی لە ناوچەکەدا، چی لە سەپاندنی دەسەڵات و هەیمەنەی خۆیان، چی بە بوون بە تاکە هێز لە سەر ئاستی دنیادا بۆ تایبەتی لە ئێژەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەیەکی بەردەوامە. وەک ئەوەی لە ئێژەڵاتی ناوەڕاستدا هەوێداوە، زلهێزەکانی دنیا، ئەورووپا، ڕوسیا، ئەمریکا و تا دێگات بۆ چین، مەترسی سەرهەڵدانی گروپی سیاسیی و ئایینی و مەزهەبییان لە نێو خودی وڵاتەکانی خۆیاندا هەیە و لە سەرتای سەرهەڵدانیەتی، کە دیاردەی پێشی پێ بگرن، بەهەی ئەوەی، مەترسی دروست دەکات، لە سەر بەرژەوەندییەکانیان، سنووری دەسەڵات و یەکگرتوویی وڵاتەکانیان. نمونەیەکی دی ئوستراليا، کێشەی لەگەڵ جەرەی هەیە، بۆ تایبەتی بەهەی ئەوەی، هاوسنووری ئاوی لەگەڵ مالیزیا و ئەندۆنیزیا، کە دوو دەوڵەتن و بزوتنەوەی ئیسلامیی تەددا لە گۆشە کردنە، هەروەها ڕەژیمێک لە ئەوانەی کە هەوییان لە ئوسترالیا کردەوە لە وڵاتانی ئێژەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیاوە هاتوون کە زەربەیان موسڵمانن. هەڵە تونديەوکان لە نەویاندا لایەنگریان دروست کردوە، هەر چەند بۆ ڕەژیمێکی ئەجگار کەمن، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا، ئوستراليا هەر لە ئەستاوە لە هەوڵی ئەودایە، کە پێشگیری لە گۆشەکردنیان بکات. ئەمانە هەمووی هەکاری گرنگن و بوون بە هەوێنی، هەڵگیرساندنی "جەنگی مەدنی و جیهانی سێیەم " لە سوریا.

زلهێزەکانی دنیا، خوێندنەوەی تەواوی بارودۆخەکەیان کردوە، زانیارییان هەیە کە کام گروپی تونديەو، لە کام وڵاتی زلهێز مەترسی سەرهەڵدان و گۆشەکردنی هەیە، کە ئەمە هەکارەکی گرنگە، هەر یەکە و لای خۆی ئەو گروپە وەک کارتی فشار بەکاردەهێنێت دژ بە

ئەوەی دی بە سەپاندنی مەرجە سیاسیی ئابووری و سەربازیەکانیان. نمونە، ئەمریکا زانیاریی هەیە، کە ئەو گروپە چەکدارەی لە غوتە، دژ بە ئەسەد ئاوەستاون، ئەو گروپانەن کە ڕوسیا مەبەستی لەناوبردنیانی هەیە، لە ئەنجامی ئەوەدا، ئەمریکا ژیاندنەوەی داعش و ئەو جۆرە گروپانە، وەک هەڕەشەیەک دژ بە ڕوسیا بەکاردەهێنێت.
بە دڵنیاییەوە، پێشوەخت پلان و تاکتیک و ستراتیژیەتی ئەو جەنگە دارژراوە، لە لایەن زلهێزەکانی دنیا. گەڕەپانی جەنگ، پێشوەخت دیاری کرابوو، کە شوێنێک بێت، دوور بێت لە وڵاتەکانی خۆیان. هەروەها مەبەستیان بوو، جەنگێک هەڵگیرسێنن بە ئەوەی هەموو لایەنگر و دەستی هێزە تووندڕەوەکان، لە چوارقورنەی دنیا ڕووی تێبکەن، لە یەک شوێن کۆببنەوە بە ئەوەی لەناوبردنیان ئاسانتر بێت.

جەنگی سوریا، ڕەژ دوای ڕەژ، سەختر و خوێناویتر دەبێت، تا گەیشتووە بە ئاستێک نەتوانێ یەکگرتووەکانیش دەستەبەر و توانای ڕاگرتنیان نییە، نمونە مانگی ڕابردوو نەتوانێ یەکگرتووەکان، بە ٣٠ ڕەژ ڕاگرتنی جەنگیان ڕاگەیاند بەڵام هەندێک لە لایەنەکان پشتگوێیان خست بە تایبەتی تورکیا. هەکاری ئەوەش بە ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەلێک گروپی چەکدار، وەک تانی ناوچەکە و دنیا لەو جەنگەدا ئامادەن.
لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شەڕی سوریا لە ٢٠١١وە، بە سەدان گروپی چەکدار یەکیان گرتوە، هەر زلهێزکی دنیا و ناوچەکە جگە لە سوپای فەرمیی خۆیان بە دڵیان گروپی چەکداریان لە ژێر ناوی جیاجیادا دروستکردوە، کە لە ئاکامدا نزیککردنەوەیان لە یەکتر ئاسان نییە هەر یەکیان مەرج و ئامانجی تایبەتی هەیە.

تورکیا، دوژمنی سەرسەختی کوردە بە تایبەتی یەپەگە. ئەنقەرە، نەک هەر ئازادی بە میللەتی کورد ناوا نابینی، بگرە هەموو جارەکیش پێداگری دەکات لەوەی کە دەبێت کورد تەنیا لە دانیشتن و گفتوگۆکانی "ئاشتی" یشدا ئامادە نەبن. ئیران و ئەسەد و عیراقیش بەهەمان شێوە. ئیران و ڕوسیا، پشتیوانی لە مانەوەی ئەسەد دەکەن. ئەمریکا دژیانە لەگەڵ ئەوەی ئەسەد، وەک کابرایەکی عیلمانی خۆی دەنوێنێت بەڵام لە هەمان کاتدا بەکرێگیراوی ڕوسیایە، کە دوژمنی سەرختی ئەمریکایە. ڕوسیا، خوازیارە شەڕی جیهادیەکان بە ئەسەد بکات لە غوتە و لە هێگەی ئەوەوە بە یەکجاری لە نێویان بەرێت، بەهەی ئەوەی ئەو جۆرە گروپە، ئەوانەن کە مەترسیان هەیە لە نێو ڕوسیا گەشە بکەن. گروپەکانی غوتە، سی گروپن نەگونجاون، کاتێک کە دەتە سەر دابەشکردنی پشک و بەرژەوەندیی، دژ بە یەک دەچنە سەنگەر.

هەموو لایەنە بەشداربووەکان، تەماحی ئابووری، سیاسیی و سەربازیان لە ناوچەکەدا هەیە، وەکو ئیران و تورکیا خوازیارن ئیمپراتۆریەت لە ناوچەکە دابمەزرێنن. ڕوسیا، ئەورووپا و ئەمریکا بە تەماحی ئابووری و دەسەڵات و هەیمەنە دەجەنگن. گرووپە تووندڕەوە ئیسلامییەکان دوای سەرکەوتنیان دیانەوێت، بنکەیەک بە خۆیان دابمەزرێنن لەوەوە پەلوپۆ باوێن و سنووری دەسەڵاتیان فرەوان بکەن و دەستبگرن بەسەر خیروبێری ناوچەکە. تەنیا کورد نیەت کە تەماحی هیچی نییە، تەنیا بەدەستهێنانی ئازادی و فەراهەم کردنی ژیانێکی هەمن و ئاسودە لە سەر ئەرز و خاکی خۆی لە نێو چوارچێوەیەک و دەسەڵاتێکی سیاسیی فەرمی. کورد میللەتێکی موسالیمە، چاوی لەوەدا نییە، دەست بگرێت بەسەر خێروبێر و سامانە سروشتییەکانی ناوچەکەیان ئیمپراتۆریەت دابمەزرێنێت، دەستدرێژی بکاتە سەر ماف و ئازادی میللەتانی دی هەر وەک چۆن ئیران و تورکیا لە هەوڵی ئەودان.
گرفتەکان، لەو ناوچەیەدا، گەلێک ئاڵۆز و تێکهەڵکێشراون، زۆرینەی سادەی نێو میللەتەکان سەرودێری لە دڵرناکەن، بە تایبەتی خەڵکی سادەی سەر شەقامی کوردی. بە دنیاییەوە بە دڵزگای هەواگری، زلهێزەکانی دنیا و ناوچەکە بە تایبەتی بە ئیتیلاعات و میتی تورکی گەیشتوون بە سەرە داوەکان، لەسەر ئەو بنەمایەدا پلان بە دژایەتی و جەنگ و هەشە سەربازییەکان دادەڕێژن، لە سەر مێزی گفتگۆدا داواکاری و مەرج و ئامانجە سیاسی، سەربازی و ئابووریەکانیان تاوتوێ دەکەن.

لە بارودۆخێکی جەنجاڵی لەو جۆرەدا، لە هەڕەشەی وڵات، بە هیمەتی شەهیدانی جەماوەرەکەی و سەرکردەکانی، خەباتگێڕیکی بێ وێنەیان لە مێژوودا تۆمار کردوە، وەرای ئەوەش، لەم بارودۆخە دا کورد پێویستی بەوەیە، یەک بگرێت، خۆی ڕێکخات لە هەر چوارپارچەی کوردستان، هێزێکی چەکداری میللی سەرتاسەری پێکبهێنێت، کە بە گومان، ئەگەر هەوڵی جدی بە بدرێت، ئەو هێزە میلیۆنێ ژمارەی لە ٢٠میلیۆن کەمتر نابە، لە ژێر یەک ئاڵا و ڕابەرایەتی یەک سەرکردایەتی، دەستز ئاراستە بکرێت، لە هەر لایەک مەترسی، هەڕەشە و شەڕ دژی کورد هەڵگیرسا، ئەو هێزە هەوو لەو شوێنە بکات و کاری بەوە نەبێت کام زلهێزیان کام وڵات شەڕی کە دەکات. بەمجۆرە کورد، دەتوانێت لە گۆڕەپانەکە سەنگێکی قورستری هەبێت، هەموو لایەنەکان هەژماری بە بکەن و لێی بگەڕێنەوە. لە دەرئەنجامدا، ڕێگر دەبێت لە دووبارە بوونەوەی کارەساتی جۆری ئەنفال، هەڵەبجە و شەنگاڵێکی دی و بە تاڵان بردنی ماڵ و منداڵی. تا هەتایە ئیتر کەس ناتوانێت جارێکی دی نەک تەنیا دەستدرێژی بکاتە سەر خاک، بەڵکو ناتوانێت پێنجە بە

یەک تاقە مووی سەری یەک ئافرەتی کوردیش درێژ بکات.

لە بەرانبەر ئاوێنەدا … شێعرێک لە ماسیمۆ بۆنتەمپللی

پێشەکی و وەرگێڕانی: زانکۆ یاری …

ماسیمۆ بۆنتەمپللی (Massimo Bontempelli)، ڕۆمانnووس و شاعیر و ڕۆژنامەگەری بەناوبانگی سەدەی 19ی زایینیی ئەدەبیاتی ئیتالییە کە لە ساڵی 1878 لەدایکبووە و لە ساڵی 1960دا کۆچی دوایی کردووە.
ماسیمۆ لە پارێزگەی پەدان و پێشکەوتووبوونی ئەدەبی ڕیالیزمی جادوویی دا بارێکی گرنگی بووە، ٢٣ کتێب لێم نووسیوە بەجێماوە. ڕۆمانی"مرۆڤەکان لە تێپەڕبینی ڕۆژگار" کە بە فارسی وەرگێڕدراوە و ڕۆمانی "شەتڕەنج لە بەرانبەری ئاوێنەدا" کە لە ١٩٢٢ نووسراوە و یازدە ساڵ دواتر بۆنەوی "Chess Set in the Mirror"، بۆ کراوە. ڕۆمانی ""La scacchiera davanti allo specchio نووسراوێیک لەمەڕ شەتڕەنج نییە، بەڵکوو خوێنەر ڕووبەڕووی چیرۆکێک سەرقاڵ دەکات کە جار وایە بە پێکەنین هانی دەدات. بە بۆڕی چیرۆکەکە، هەدی هەدی خەی لەنێو ئاوێنەکەدا دەدزێتەوە و کەسایەتیی سەرکیی ئەوە کوڕکی تەمەن دە ساڵانە کە خەی لەو پەڕی ئاوێنەکە و لە دونیایەکی جیاواز دەبینێتەوە کە بە هەکارەکی نادیارەوە، لە ژوورێکی خاڵی حەپسکراوە و لەسەر شەمینەیەک، تەنیا سواڕی شەتڕەنج و ئاوێنەیەک دیارە و ئیدی هیچ. نە هەر ژوورەکە، بەڵکوو ئەوپەڕی دیمەنی دەرەوە ناخۆش و دڵگیرە.
شێعری "لە بەرانبەر ئاوێنەدا" (بە ئیتاڵی: Davanti allo specchio)، یەکێک لە شێعرە سەرنج ڕاکێشکانی ماسیمۆ_یە و ئەمە یەکەمین وەرگێڕانی کوردیی ئەو شێعرەیە کە لەڕدا دەیخوێننەوە:

لە بەرانبەر ئاوێنەدا
لە ڕۆژێک
ڕووناک لە تەشکی هەتاو

پ لە ئاوات و ئاکام
پ لە شنە بایەک کە لە پەنجەرەوە دێتە ناو،
سەر خۆش لە بۆنی گوڵانی نەو بەستان
لە شوێنکی بەدەنگ
هەستی بەختەوەر بوونم دەکرد
بەختەوەری بە هۆی ئەفسوونی سروشت
هەڵدەفڕم
لە بەرانبەری ئاوێنە،
کەزییەکانم ڕازانەوە
وخساریشم،
بە ئەسپایی گڕانی دەمەوە
هەتاوی ئاگرین
کەم کەم بەرەو ڕۆژئاوا دەچێت
شەو کۆتایی پ دێ
بەدەنگی دووری تڵک شکاندبوو
خۆم لە بەرانبەری ئاوێنەدا نوێ هاتە پێش چاو
بەڵام بەداخەوە،
دەنگی من شوێنکی تێ نەشکاند
لە ناکاو ڕۆحم خەمین بێ
تەنانەت بولبوولیش
نەیدەچریکاند…

(ئەم بابەتە لە گۆڤاری پارناس [زانستگای کوردستان]، ژمارەی 10و9، زستانی 2714 چاپ کراوە)

کچێك لە باران … شیعر: هاوار تێیب … دەنگ: کەمال میرکی

ئەم مەملەکەتە ... حەمە هیوا

حەزدەکەم عاشق ببم
عاشقی کچێك کە بەزێرەملێ پارچەیەك
قوماشی کرابێتە سەر
عاشقی کچێك هەموو ژیانی لە ژورێکدا بەسەربردبێ
هەموو خەونی هەبوونی کەمانچەیەکی هەش و لێکردنەوەی گۆکی
ئەرخەوانی بوبێ،
کچێکم خۆشبوێت کە پێم بڵێت تا دواهەمین سەفەر وەك کچکردوویەك
لەگەڵت ڕۆدەکەم.
هەموو بەیانیەك
بە ئاوازی پەڕەسێلکەکان لە خەو بە ئاگا بێین
و
لە دەشتاییەك پێکەوە نوقمی چاوانی یەك بین و کەروێشکێکی سپی و
سێ بێت
و
ئێکێردیێنمان بێ بژەنێت
گشت پەپوولەکان بێن و بە دیارمانەوە بنیشن و بفڕنەوە.
.....
نیشتیمانم خۆش ناوێت،لە بری نیشتیمان منانێکی سواکەرم خۆشدەوێت
و هەموو پیرزیەکان دەکەم بە فیدای،ئایای نیشتیمان دەهێنم و
پارچە پارچەی دەکەم وەك پەڕیەك و فرمێسکی گشت منالە بێنازەکانی
پێ ئەسڕمەوە.
نیشتیمانی من لێوان لێوە لە بونی حاجی ئاغاکان،گشت حاجی ئاغاکان
لە گۆڕەپانێکی لماویدا کۆدەکەمەو
گشت کچە غەمگینەکان لە زیندانی ئەواندا دەردەهێن،وەك ڕیشۆلەیەك
لە قەفەزدا،بۆنی مرۆڤ بونیان پێ دەناسێنم.
.....
لەم مەملەکە شانازی هیچ شتێك ناکەم
لێرە
منداڵەکان لە بری ئەوەی
فێری وەفاداری و خۆشەویستی بکرێن،
فێری لێکردنەوەی گوێ دەکرێن
دایك و باوکانی ئێرە،
لە بری ئەوەی وەچەکانیان فێری پاکیزەیی بکەن
فێر دەکرێن،

لاپەرەی کتێبەکان بدڕن و کۆلارەو فڕۆکەی پێ دروست بکەن،
لێرە لە بری ئەوەی مرۆڤەکان گوێ لە میوزیك بگرن،
گوێ لە مەلاکان دەگرن،
ئەو مەلایانەی پێیان وایە
شەرەف لە پارچە گۆشتێك دایە
ئەو مەلایانەی کە پێیان وایە
لێدانی دایك و باوك شیفایە!

10/3/2018

قازانجی جەنگ لە چیدایەو بۆ کێیە ...؟! ... موزەفەر عەبدوڵا

لەمساڵدا بای ١٧ملیارو نیو چۆکمان فڕۆشتوە ... پێتین وادێیت.....

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ وە ،کە بە کۆتایی هاتنی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی ڕۆژئاوای سەرمایەداری بازاری ئازاد بە ڕابەری ئەمریکاو، بلۆکی ڕۆژهەڵاتی سەرمایەداری دەوڵەتی بەڕابەری یەکێتی سۆڤیەتی بەناو شۆسیالیستی هەرسهێناوە ،تا ئیستا هەمو مڕۆوی سەدکانی ڕابردوو بە قەد ئەم نزیک بە سی ساڵە جەنگی کارساتباری بەخەیوە نەدیوە .ئەو کوشتو کوشتار، ئاوارەیی ، دەربەدەری ، پەنابەری ، بیکاری ، هەژاری ، قاتوقڕی و دوژمنایەتی یە نیوان خەڵک کە دورستیان کردوە وێیانداوە لەهەمو میژویی رابردوی سەدکانی تری نەبوە.لە کاتێکدا هەشیاری و زانستو زانیاری و لەهەمو بوارێکدا لەهیچ سەردەمیکدا وا پڕ سەندو نەبوە.هەر بۆیەش لەم سی ساڵە هەواڵو پرسو ڕاگورینەوەو هەوڵست گرتن لەبارەی جەنگەوە بەشی نیوەی زیاتری هەمو دامودەزگای ڕاگەیاندنکان و قسەوباسی سیاسەتمەداران و هەر مرۆڤێکی ئاسایی بوە وەکوەک پیویستی خواردنی ڕۆژانەی لێهاتوە.

بەڵام زیاتر بونی کارساتکان لە ڕووی سیاسی یەوە لەوەدایە کە بەشی هەرە زەری مرۆڤکان ، تەنانەت ڕاڤکارە سیاسی یەکان و

چاودێرانیش ، پێیان وایە هەکاری ئەم جەنگانە لەسەرو ئیرادەی مرۆڤکان و حزب و دەسەڵاتو ژەمو سیستەمە سیاسی یەکی دونیادایە. زۆر بە دڵگەران دەبینین و دەبیستین دەخوێنینەوە کە ئاماژە بەوە بدەنو جەختی لێبکەنەوە کە بابە جەنگ درێژەی سیاسەتە بە شێوەی هەرە توندو تیژی یەکەی .سیاسەتیش جگە لە سەرخانی ئابووری زیاتر هیچی تر نی یە . ئەم ڕایە لەسەر جەنگ هەمو ڕاقکاران و سیاسەتمەداران و چاودیران لە من باشتر دەزانن بۆیە کێشەکە ئەوەیە کە دڵگەرانیان لە ڕوانگەی ململانێی و بەرژوەندەی ئابووری و سیاسی یە چینایەتییەوە هەم لە تەزو ڕایەکەو هەم لە جەنگکان دەڕوانن.

بۆیە کاتێك جار جار قسەی هەندێك لە سەرکەکانی جیهانمان بەرگوێ دەکەوێت لەسەدا سەد ڕاستی ئەو ڕاو تێزەمان بۆ دەسەلمێت کە بۆیە هەمو جەنگکان پێویستی یەکی حیاتی ئابووری سیستەمە چینایەتی یەکانن لەوەی کەمێگا دابەش بوە بەسەر چینە کەمڕایەتی یەکان لە دەوری موکداری تایبەتی . وە ئەمەش بۆتە هەکارو سەرچاوەی سەرکی هەڵگیرسانی جەنگ.سیستەمی ئابووری وسیاسی ئەم دوو سێ سەدییەیش کە سەرمایەو سەرمایەداری یە جەنگی کردۆتە پێویستی یەکی هەمیشەیی بۆ بەدەست هینانی قازانجی سەرمایەو ڕاگرتنی دەسەڵاتکەی.
جا ئەم قازانجەی سەرمایەیە لە زۆر بوارەوەیە.یەکێک لەو بوارانە قازانجە لە بواری فرۆشتنی چەکو تەقەمەنی.ئەمە لە قسەکەی فلادمیر پۆتین بۆ ئاشکرا دیارە کە لە کۆبونەوەی لەگەڵ دەزگایەکی کاروباری جەنگو پیشەسازی چەک کردونی و دەڵێت
تەنها لەمساڵدا زیاتر لە ١٧ ملیار دۆلار چەکمان فرۆشتوە.

جا خوێنەرانی ئازیز..! کاتێک ئەم ژمارە قازانجەت بەرچاو دەکەوێت کەمێک بیری لیبکەوە ئەمە تەنها ژمارەیەکی ڕووت نی یە لە دەمی پۆتین وەک بایەک دەرپەڕی بێت ..نەخێر ! بەڵکو ئەم ژمارەیە مانای قوڵی ئابووری وسیاسی و..هتد هەیە.
ئەو ڕوسیایە لە سەرەتای نەوەد کە هیچ نەبو لە دوای هەرەسی سۆڤیەت و ئەمریکا وەک مشک یاری پێدەکردو شاپو شۆپازڵەی لێدەدا بە تایبەتی لە دەورانی یەلستن. ئیستا بۆتە ئەو زلهێزەی کە پۆتین زۆر جار شاپو شۆپازڵە لە ئەمریکا دەدات .
دیارە ئەم ١٧ ملیار قازانجە دەچیتە سەر ئابووری ڕوسیا کە ئابووری سەرمایەداری یە نەک فیودالی و کۆیلایەتی . ئینجا جا بیهێنینە پیشەو چاو ئاخو خودی ئەمریکاو فەرەنساو بەریتانیاو ئەڵمانیاو چین و زۆری تر جەند قازانجیان تەنها لەمساڵدا کردو؟!!

پرسیارێکی سەرەکی تر ئەوەیە ئەم هەمو چەکە بەسەر کێو کەی وڵاکویدا بەکار هاتووە ؟! بیگومانە هەموی بە سەر ئیمەدا لەم وولاتانەی وەک عیراقو سویاو لیبیاو یەمەن و وولاتانی تری گیرەدە بە قەیرانو ململانی و شەر لە کیشوەرەکانی تریش.وە کە لە داهاتوشدا جەنگی تر .تەنانەت جەنگیکی تری سەرتاپاگیری جیهانی لەبەردەم دەرگاماندایە ئەگەر دژی ئەم جەنگانەی ئیستا نەوەسینەوە.

با بیهێنینە بەرچاومان تەنها بەم حەقدە ملیار دۆلارە چەکو تەقەمەنی یە چەند کەس لەم وولاتانە کوژراونو بریندارو پەککەوتە بونو ئاوارەو برسیوبێکارو هەژار بون..هتد
بیهینینە بەرچاومان ئەگەر ئەم ١٧ ملیارە تەنها بە بەواری تەندروستی بەکارهاتبا لە ڕوسیا خەڵک چەند سودمەند دەبون.ەنگە بەڵێن و بپرسن ئاخر روسیای پوتین لە فرەشتنی ئەم جەنگەو چەکانە قازانجی کردوە بە باشو باشتر کردنی ژیانی خەڵکەکەی.؟!
گومانی تیا نی یە ئەمە ەای هەندێک لە نوسەرە نوکەرە بەئاگاکانی دەوری پوتین و ترامپەن کە بە قازانجی سیستەمەکەیان دەیکەن. یان نوسەرەگەمژەکانی خەوارەی سیستەمەکەیانن کە بەرامبەر کرێی نوسینکەکانیان وەری دەگرن تا ئەوارە قاپە ئارەقە فەلەکەیانی پێ بخونەوە .خە ئەگەر ئەمە رای بەشێک لە و خەڵکە ستەملیکراوە بێت ئەوە ئاکامی نا هەشیاری چینایەتی وگەژ بونیانە بە بیروباوەری نیشتیمانچێتی و نەتەوەچیتی ئەو دیاردە سیاسی یانە.
لە ەاستیدا ئەگەر ئەو جەنگانەی بەناوی پاراستنی خەڵکی ئەو وولاتانەوە کراوە کە ژیمەکانو سەرکەکانیان بەریان خستون وا پەوپاگەندەی بە دەکەن وەک پوتین و ترامپ و بلیرو ئوردگان و گەورەو بچوکیان ئەوە دەبو ئێستا لەو وولاتانە هەژاری و بێکاریو برسێتیو ئاوارەییو بەخانەولایەنیی دەیان دیاردەی تری خراپ نەبوایە.
بەڵام دیارە ١٧ ملیارەکەی پوتین لەشەڵەکاندا تەنها لە قازانجی سەرمایەو سیستەمە سەرمایەداری یەکێدایە.

دژایەتی شیعەی عیراق بۆ کورد خەتای ئەم دەسەڵاتەی خۆمان نیە؟ … عیماد عەلی

زۆرجار ئەو پرسیارە لەخۆمان دەکەین؛ بۆچی دەنگی کاندیدەکانی عیراق بە دژایەتی کورد زیاد دەبێت؟ وەك دیارە ئەم حاڵەتە؛ واتە دژایەتی کورد لە نێو پێکهاتەی شیعەدا زیاتربووە، کە لە کاتی رژێمی بەعسدا بەپێچەوانەوە بوو، ئەمیش؛ واتە ئەم گۆرانکاریە گەورەیە لەبەر چەند هۆکارێکە کە لە پاش روخانی سەدامەوە هاتۆتە ئاراوە و بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی پێشووەوە بۆتە دیاردە لە نێو ئەو خەڵکەی باشوور و ناوەڕاستی عیراقدا، لێرەدا قسەم لەسەر کۆنەبەعسیەکان و پیاوانی رژێمی پیشوو نیە و تەنها باسم لەپێکهاتە شیعەکیە بە گشتی، بۆ؟

لە رووی کۆمەڵایەتیەوە کە هەردوو پێکهاتە شیعە و کورد هاوبەشێکی نزیك بوون لە زوڵموزۆری سەدام و لە پاش روخانی ئەو رژێمە، ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور لەبەر هەر هۆکارێك بێت ئەو پێشکەوتنەی بەچاو نەبینی کەلە کوردستان و لەبەر کۆمەیك هۆکاری بابەتی و خودی لە رووی سیاسی و ئابووریەوە رووبدا. بەڵام ئەوەی ئەوێ زیاتر لە سەقامگیرنەبونی سیستمی سیاسی عیراق و هاتنە ئارای قۆناغێکی کاتیی بێ یاسای تایبەت بە هەڕەم و پارێزگاکان و پشتبەستن بە چالاکی کەسی و میزاجی شەخسی کاریگەری گەورەی لەسەر دیدی پێکهاتەی شیعە بۆ کورد فەرزکرد . هەستکردنی شیعە بە دواکەوتنی لە زۆرینەی ئاستەکاندا، لە ژیانی تایبەتی و گستیاندا لە کوردی هاوخەم و هاوبەشیان لە زوڵم و زۆری رژێمی سەدام بە پێچەوانەوە کەوتەوە و ئەوەی لایان جێگیربوو کە کورد لە مافەکانی ئەوان دەخوات و لەسەر حساب و نەوتی ئەوان پێشدەکەوێت و ژیانی هاوڵاتیانی پەرەدەسێنێت، بۆیە زیاتر خەڵکانی شۆفینی و کۆنەبەعسی و رەگەزپەرست؛ ڕێی گەورەیان هەبوو لە گۆرینی دیدوبۆچونی پێکهاتەی شیعە لەسەر کورد، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی کورد بەخۆی هیچ کارێکی ئەوتۆی نەکرد بۆ مانەوەی هاوخەمی و هاوسۆزی لە دەرئەنجامی هاونانێدنی ئەم دوو پێکهاتەیە، لە پێناو هاوبەشی و بەشداری هەمەچەشنی هەردوولا و پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش و درێژەپێدانی تادواجار و یەکترتەواوکردن لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە لە رووی ستراتیجیەوە هیچ هەوڵێکیان نەدا بۆ بنیاتنانی دەوڵەت کە بۆهەتایە

پۆیستمان بەوان نەبێت. بۆیە تەنانەت هاوکێشە کۆمەڵایەتیەکە کرانەکی ئەوتۆی تێدا دروست بوو کە گۆرانی هاوکێشەی سیاسیشی لەگەڵ خۆیدا دروستکرد .
بۆگومان دیدوبۆچونی سیاسی زادەی بەرهەمی بیر و دیدی کۆمەڵایەتیشە، بە تایبەتی بە پێی ئەو میکانیزمەی هەڵبژاردن کە دەرهاویشتە و بەرهەمی دیدی خەڵکە بۆ بەرنامە و هەڵوێست و دیدوبۆچونی کاندیدەکان بۆ پرس و بابەتە هەمەگیرەکان و بۆچونی کاندیدیش لەمەڕ کورد و ژیان و گوزەرانی لە دەرئەنجامی کارگەریی بینینە مژووییە کەڵەکەبووەکەی تێوانینی عەرەب بۆ کورد و ئەو رەگەزپەرستیەیە کە وەك پشکێی هەمیشە گەشاوە لە هەناویاندا دەتروسکێتەوە و، زۆرجار لە ئیرەیی و چاوچنۆکی لەهەر جموجوڵێکی کورد وایانلێدەکات ئاواتەخوازن مانەوەی کورد بە ژێردەستەیی ئەوانبن. ئەمە ئەگەڕ ژمارە کەمێکی خەڵکی ڕۆشنبیر و مرۆڤدۆست و بە تایبەتی زۆرینەی چەپەکانیان لێدەرکەیت، بەڵام زۆرینەی دەنگدەر لە جۆری یەکەمن و ئەوان دەرچوونی کاندیدەکان یەکلایی دەکەنەوە، بۆیە زۆرینەی ئەوانەی کە دەنگی باڵایان لە هەڵبژاردنەکاندا هێنا لەم جۆرانەبوون کە دژایەتی ئاشکرا و نهێنی خۆیان بۆ کورد دەردەبڕی و زیادەڕۆییان لە ڕەخنەگرتن لەکورد دەکرد.
بۆ ئەم هەڵبژاردنە" ئەوەی تا ئێستاش عەبادی لەسەر دەروات و سێی لێدەکاتەوە و لەبەرچاوی گرتووە، پشتبەستنە بەو بۆچونانە لەمەڕ بەدەستهێنانی دەنگی ئەم جارەی هەڵبژاردنەکان، وا بەئاشکرا دەیبینین کە هەموو بریارەکانی لەمەڕ کورد لەم ڕوانگەوە دەدرەکرێن و تەنانەت لەبەر ئەو ترسە مافە دەستوریەکانی کورد ناسەلمێنێت، تاگەیشتۆتە ئەوەی جەخت لە پشێلکردنی زۆرێك لەیاساکانیش دەکاتەوە، ئەگەڕ پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت . بۆچی ئەم هاوکێشەیە کڕاوە؟ ئەمە زیاتر بۆ خودی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکی عەرەبی عیراق و ڕەفتاری سەرکردایەتی و دەسەڵاتی کورد و خوێندن و هەڵوێستی نادروست بوو کە وای لەعەرەب کرد بگەنە ئەم وەزعە و حەسودی بە کورد بەرن و هەموو شتێك بکەن بۆ گەرناوەی کورد بۆ چوارگۆشەی یەکەم. خەتای دەسەڵاتی کورد لەوەدا بوو کە هیچ پلانێکی بۆ ئەم مەبەستە نەبوو و ڕەفتاری وای دەکرد کە هانی ئەم بۆچونە بدات، بۆ نمونە؛ ئیدعای هەوڵرکردنە دوبەی دەکرد بۆ گرنگیدان بە دوارۆژی کورد و، وەك خۆنیشاندان و لەخۆبایبوون دەجوڵایەوە، بەرزکردنەوەی باڵاخانەکان و پڕزلێدان، نمونەیەکی زۆر زەقن لەمبارەوە بۆ ئەوەی هیچ جۆگیربونێکی سیاسی لەگەڵدا بێت، کۆ لەدونیادا بینیوەتی کە تۆ رزقت بەدەست کەسێکەوە بێت و لە رزقەکەی خۆی پیاوەتی بەسەرەوە بکەیت؛ کەس هەیە چاکسازی گۆڕەپانی یاری تۆپی پێی شەعبی بەغدای لە

لایەن نەچیروان بارزانیەوە لەبیر نەبێت، کەس هەیە یارمەتی مادی خەڵکی ناوەراست و باشووری عیراق زۆر جار لە زۆر بواردا لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە لەبیربکات کە جگە لە هەستوروژاندن هیچیتری لێسەوز نەبوو. بە ئەزمونی شەخسی لەو کاتانەدا بۆمان درکەوت کە ئەو کەسانەی ناوەراست و باشووری عیراق چەند لەمەر ئەو کردەوانە لە رووی سایکۆلۆجیەوە بریندار دەبوون. لە لایەکی ترەوە سیاسەتکردن و هاوپەیمانێتی لەگەڵ سونەی عیراق کەشیعە زەدەدیدەی دەستی ئەوانبوون وایلیکردن کە ئەو هاوخەمیەیان کزبێتەوە و لەبیربچێت و ڕۆژانی سەختیان لەبەرچاونەمێنێت.
بۆیە تەنانەت دژایەتی پێکهاتەی عەرەبی شیعەی عیراق بە کورد بە ڕۆژەیەکی گەورە لە دەرئەنجامی هەڵەی کار و بەرهەمی سیاسی دەستی ئەم دەسەڵاتەیە زیاتر لەوەی خەتای ئەوان بێت.

فەرهادی ئەحمەتی : من نازانم لە کوێم ! ... ئامادەکردنی: هێژار تۆها

" من نازانم لە کوێم " ، ئەمە ووتەی پەنابەرێکی ئێرانییە بەناوی فەرهادی ئەحمەتی کە لە ترسی نەبوونی پارێزگاری داوای مافی پەنابەرێتی پێشکەش بە دووڕگەی پاپانیوگینیا نەکردووە کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە لەو دووڕگەیە ژیان بەسەردەبات.
ئەحمەتی ، دەڵێت لە پاش گیانلەدەستدانی ئەو پەنابەرە کوردەی کە لە شوباتی ساڵی 2014 دا گیانی لەدەستدا ، ئیتر متمانەیان نەماوە بەوەی کە لەلایەن بەرپرسانی ئەو دووڕگەیەوە بیان پارێزرێن.
بە ووتەی ئەحمەتی ، هەرچەندە دواتر کەیسی پێشکەش کردووە لە ناچاریدا لە ساڵی 2016 دا بەڵام کەیسەکەی ئەتکراوەتەوە و لە ئێستادا خاوەنی هیچ بەڵگەنامەیەکی مانەوە لەو دووڕگەیە نییە.
پەنابەرانی دووڕگەی پاپانیوگینا و ناورۆ کە بەشکیان کوردن ئەو کەسانەن کە ویستویانە بە قاچاخ و بە بەلەم ڕوو لە ئوسترالیا بکەن بەڵام لە لایەن هێزە دەریاییەکانی ئوسترالیاوە دەستگیرکراون و ئەوانەی کەمپەکانی ئەو دوو دووڕگەیە کراون و هەرگیز لە ئوسترالیا

نیشتەجێ ناکرێن.
ئێستا فەرهادی ڕەحمەتی و چەندین پەناخوازی تر نە مافی مانەوەیان لە پاپانیوگینیا نییە و داهاتووشیان نادیارە.
سەرچاوە : ماڵپەڕی هەواڵی ئەی بی سی نیوز